هەرکەسێک پرسیاری لێبکرێت سەبارەت بە زانستێک بەڵام نەیڵێت وبیشارێتەوە؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا لغاوێکی ئاگرین دەکرێتە سەر دەمی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک پرسیاری لێبکرێت سەبارەت بە زانستێک بەڵام نەیڵێت وبیشارێتەوە؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا لغاوێکی ئاگرین دەکرێتە سەر دەمی».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە هەڕەشەیەکی توندی تێدایە سەبارەت بە شاردنەوەی زانستی شەرعی، وهەرکەسێک پرسیارێکی لێبکرێت سەبارەت بە زانستێک کە پرسیارکار پێویستی پێی بێت لە کاروباری ئاینەکەیدا، وئەرکە لەسەر ئەو کەسەی پرسیاری لێدەکرێت وەڵام بداتەوە ئەگەر بە تەواوی سەبارەت بەو مەسەلە شارەزا بێت وزانستی هەبێت، ئەگەر وەڵامەکە ڕوون نەکاتەوە و وەڵام نەداتەوە، ئەوا خوای گەورە سزای دەدات لە ڕۆژی قیامەتدا ئەویش بەوەی لغاوێکی ئاگرین بکرێتە سەر دەمی؛ ئەمیش وەکو سزایەک بۆی بەهۆی شاردنەوەی زانست وبێدەنگ بوونەوە، وپاداشت دانەوە لە ڕەگەزی کردەوەکانەوە، ئەم هەڕەشەیە بۆ کەسێکە ئەگەر بزانێت پرسیارکار بۆ داواکردنی ڕێنمونی وئامۆژگاری پرسیار دەکات، بەڵام ئەگەر خاوەن زانستەکە بزانێت کەسی پرسیاکار تەنها بۆ تاقیکردنەوە وکات بە فیڕۆدان وئارەزووی نەفسی پرسیار دەکات نەک بۆ ئەوەی ڕێنمونی وەربگرێت وفێر بێت؛ ئەوا لێرەدا خاوەن زانستەکە بژاردەی وەڵام دانەوە یان وەڵام نەدانەوەی هەیە بە پێی لێکدانەوەی خۆی، وئەم هەڕەشەیە نایگرێتەوە کە لەم فەرموودەیدا باسکراوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6268